گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە نمایشی شانۆییدا

**د. ژیلوان طاهر بایبر**
بەشی سینەما و شانۆ ، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
zhilwan.tahir.66@gmail.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/٤/٢٣
پەسەندکردن: ٢٠٢١/٦/١٤
بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢١

**وشە سەرەکییەکان**
Music, sound effects, rhythm, theatrical show, emotion, scenography.

Doi:
10.25212/lfu.qzj.6.3.06

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (ڕۆڵی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە نمایشی شانۆیی)دا، توێژینەوەیەکی شیکاری وەسفییە تیشک دەخاتە سەر چۆنیەتی بەکارخستنی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە نمایشی شانۆییدا لەسەر بنەمایەکی فیکریی و هونەریی و ئیستاتیکی . ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم بریتییە لە (چوارچێوەی پرۆگرام)، کە چەند خاڵێک لەخۆدەگرێت وەکو: گرفتی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە و سنورەکەی .

بەشی دووەم کە پێکهاتووە لە (چوارچێوەی تیۆری) چەند بابەتێک لەخۆدەگرێت، وەکو: ڕۆڵی کۆرس لە نمایشی شانۆییدا، کاریگەری ریتم لە دیمەنە شانۆییەکاندا، بەکارخستنی موزیک لە شانۆی نوێدا .

بەشی سێیەم بریتیە لە شیکردنەوەی نموونەی توێژینەوە، کە پێکهاتووە لە: کۆمەڵگەی توێژینەوە، ئامرازی توێژینەوە، میتۆدی توێژینەوە و نموونەی توێژینەوە, کە شیکردنەوە بۆ شانۆیی (مارا – ساد) و (سێبەری چیا) کراوە.

شانۆیی دا .

**ووشە سەرەکییەکان:** موزیک، کارتێکەرە دەنگییەکان، ریتم، نمایشی شانۆیی، سۆز، سینۆگرافیا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی

موزیك هونەرێکە لە هونەرە جوانەکان، زمانی موزیک زمانێکی جیهانییە بۆ هەموو نەتەوەکان هونەرێکی بیستراوە، زانستێکە وەکو هەموو زانستەکانی دیکە، وشەی ((موزیک Music)) لە ناوی موزێی یۆنانییەوە هاتووە، بە گوێرەی داستان واتە میتۆلۆژیا (موزێ) نۆ خواوەند بوون، کە هونەرەکانیان دەپارسات، خواوەندی ئیوتێرپێ وەکو پارێزگاری موزیکی، کە بە دوو فلوت دەستنیشان دەکرا)) (ئازید، 2016، 27). هەر میللەتێك بە شێوازێك وشەی موزیکی دەربڕیوە، لای یۆنانییەکان بە (موزیك) و لای ئینگلیز بە (موزیک)، لای ئیتالییەکان بە (موزیکا) و لای عەرەب بە (مۆسیقا) و لای کوردیش لە ئێستادا وشەی (موزیک) بەکاردەهێنرێ.

دەسپێکی موزیک دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی ژیان لە سروشتدا، چونکە لە سروشتدا چەندین دەنگ و ئاواز و کارتێکەری دەنگی هەیە، وەکو دەنگی ڕوبار و دەریاکان و دار و درەخت و هەورە تریشقە و گڤەی باو دەنگی باڵندەو ئاژەڵ و مرۆڤ وەکو خودی خۆی. مرۆڤی سەردەمی کۆن هەر لە سەرەتاوە هەست و نەستی بۆ دەنگی خۆش ڕۆیشتووە، هەر بۆیە بیرۆکەی لەلا گەڵاڵە بووە و لە قامیش شمشاڵ و بلوێر و زوڕنای دروستکردوە کە دەنگێکی خۆشیان بە گوێچکەی مرۆڤ بەخشیوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ، کە موزیک بەشێك بووە لە ژیانی کۆمەڵایەتی، موزیک بەپێی سەردەمە جیاوازەکان قۆناغ بە قۆناغ (هەر لە سەردەمی گریك و ڕۆمانییەکان تا دەگاتە سەدەکانی ناوەڕاست و سەدەی بوژانەوەو سەدەی هەژدەو نۆزدە تا دەگاتە سەدەی بیستەم، کە بە سەدەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا ناو دەبردرێت پێشکەوتنی گەورەی بە خۆوە بینیوە لە بواری زانستی و تەکینکی و هونەری)دا (الیاس و قصاب، 1997، 461).

لە سەردەمی ئێستادا کە بە سەردەمی عەولەمە ناودەبرێت، موزیک پانتاییەکی فراوانی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی داگیر کردوە، زمانی موزیک زمانێکی جیهانییە، کاریگەری فیکری و سایکۆلۆژی و ئیستاتیکی بەسەر ناخی مرۆڤەکاندا هەیە ((تەنانەت لە بواری پزیشکیشدا وەکو ڕێگایەك بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی بەتایبەتی نەخۆشییە دەرونییەکان بەکاردەهێنرێت (بروليه، 1986، 94). لە زانست و هونەری شانۆدا موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان توخمێکی سەرەکین بۆ

تەواوکردنی و پێکهێنانی نمایشی شانۆیی، کاریگەری زۆری بۆ پڕکردنەوەی فەزای دیمەنە شانۆییەکان و ڕاکێشانی هەست و سۆزی بینەر بۆ نمایش هەیە.

## 1. چوارچێوەی گشتی توێژینەوە:

### 1.1. گرفتی توێژینەوە:-

لە هونەری شانۆدا چەندین توخمی سەرەکی هەیە، وەکو (دەق، ئەکتەر، دەرهێنەر، سینۆگرافیا، بینەر). موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکانیش ڕەگەزێکی گرنگە لە پێکهاتەی سینۆگرافیای نمایشی شانۆیی، کە بەشداری دەکات لە خوڵقاندنی کەش و هەوای درامی و سایکۆلۆژی دیمەنە شانۆییەکان دەکات، هەروەها لایەنی ((کۆمەڵایەتی و ئابوری و سروشتی ئەکتەر دیاری دەکات، بەشداریەکی تەواو لە دەست نیشان کردنی کات و شوێن و ریتمی دیمەن و ڕوداوە شانۆییەکان بە شێوەی (تراژیدی) یان (کۆمێدی) یان (میلیۆدراما دەکات)) (هەورامی، 2001، 13). موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان ڕۆڵی کاریگەر لە چونە ناو دەوری ئەکتەر و بەستنەوەی دیمەنە شانۆییەکان بە یەکتری دەبینن هەروەها بەستنەوەی دیمەنەکانی دەرەوەی تەختەی شانۆ (دەرەکی) بە ناوەوەی شانۆ، بەشدارییەکی گرنگ لە ڕاکێشانی هەست و سۆز و فیکری بینەر بۆ ناو قوڵایی دیمەن و ڕوداوە شانۆییەکان و ململانێکان بە ئاراستەی لوتکەی درامی دەکات. لە زانستی سەردەمدا زۆر پێویستە دەرهێنەر و ئەکتەر و هونەرکارانی شانۆ گوێچکەی موزیکیان بە هێز بێت و زانیاریەکی باشیان لەسەر هونەری موزیک هەبێت، بەهەمان ئەندازەش پێویستە لەسەر ئەم هونەرمەندانەی بواری موزیک کە کاری موزیکی شانۆیی ئەنجام دەدەن، پێویستە زانیاری باشیان لەسەر هونەری شانۆ هەبێت، تاکو هەر دوولا بتوانن لەسەر بنەمایەکی زانستی و هونەری ئەم پارچە موزیکانە ئامادە بکەن، کە بەتەواوی لەگەڵ کەش و هەواو ڕیتمی دیمەنە شانۆییەکان گونجاو بێت، هاوتەریب بێت لەگەڵ شێوەو ناوەڕۆکی ڕوداوە درامیەکان.

یەکێك لە گرفتەکانی شانۆ لە کوردستان بریتی یە لە نەبوونی یان کەمی کادیری پسپۆری ئەکادیمی تایبەت بە موزیکی وێنەیی (الموسیقى التصويرية) لە نمایشی شانۆیی و دراما‌دا، کە ئەمەش لە وڵاتە پێشکەوتووەکان وەکو پسپۆری ورد چەندین کادیری هونەریی بروانامەی ماستەر و دکتورایان لەم

بوارە بە دەســتهێناوە کاری خۆیان تەرخان کردووە بۆ بواری ئەنجامدانی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە شــانۆ و ئۆپێرا و درامادا، هەر بۆیە بۆ دەســتنیشــانکردنی گرفتی توێژینەوەکە توێژەر ئەم پرسیارانە دەخاتە ڕوو:-

1- ڕۆڵی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان چییە لە نمایشی شانۆییدا؟
2- چۆن بتوانین کادیری ئەکادیمی پســپۆڕ و شــارەزا ئامادە بکەین کە هونەرەکەی تەرخان بکات بۆ کاری ئەنجامدانی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە بواری شانۆ و درامادا.

## 2-1 گرنگی توێژینەوە:-

ئەم توێژینەوەیە گرنگی بۆ ئەم لایەنانەی خوارەوە هەیە:

1. بەشی شانۆی پەیمانگە و کۆلێژی هونەرە جوانەکان.
2. بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ لە شارەکانی هەرێمی کوردستان.
3. تیپ و گروپە شانۆییەکان لە هەرێمی کوردستان.
4. سەنتەر و بنکە و ناوەندە هونەریەکانی تایبەت بە شانۆ لە شارەکانی هەرێمی کوردستان.
5. ســوودێکی زۆر دەبەخشــێت بە دەرهێنەر و ئەکتەر و جێبەجێکاری موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە نمایشی شانۆییدا.
6. زانیاری گرنگ دەبەخشێت بە توێژەر و نوسەر و ڕەخنەگری شانۆیی.

## 3-1 ئامانجی توێژینەوە:-

ئامانجی توێژینەوە لەم خاڵانەی خوارەوە ئاماژەی پێ کراوە:

1- بەکارخستنی شاکارە موزیکیە جیهانییەکان لە نمایشی شانۆییدا.
2- بەکارهێنانی گۆرانی خەمگین و سۆزدار لە نمایشی شانۆیی تراژیدیادا، گۆرانی شادی و دڵڕفێن لە کۆمێدیادا.
3- بەکارهێنانی سرود و گۆرانی لە لایەن (کۆرس) لە نمایشی شانۆیی کلاسیکی و ئاهەنگسازیدا.
4- بەکارخستنی گۆرانی فۆلکلۆریی و رەسەن لە نمایشی شانۆییدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5- دانانی (تألیف) موزیکی تایبەت بۆ نمایشـی شـانۆیی، کە گوزارشـت لە شـێوەو ناوەرۆکی نمایش بکات.

6- بەکارخستنی مەقام و لاوك و حەیران و سیاچەمانە لە نمایشە شانۆییە کوردییەکاندا.

7- بەشداریکردن لە خوڵقاندنی کەش و هەوایەکی درامی و سایکۆلۆژی بۆ نمایشکاران و بینەران.

8- بەستنەوەی ڕووداوەکانی دەرەوە بە ڕووداوەکانی سەر تەختەی شانۆ.

### 4-1. سنووری توێژینەوە:

**بابەت: بەکارخستنی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە شانۆدا**

**کات: (2016 – 2020)**

**شوێن: شانۆیی (مارا – ساد) لە شاری سلێمانی، شانۆیی (سێبەری چیا) لە شاری هەولێر.**

## 2. چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە:

### 2-١ ڕۆڵی کۆرس لە نمایشی شانۆییدا:

لە شانۆی گریکی کۆندا کۆرس ڕۆڵی سەرەکی لە نمایشی شانۆییدا دەبینێ، کە هەموویان لە تەنیشت یەك ڕێزدەبوون و جل و بەرگیان فراوان بوو، وەکو یەك بوو، ڕەنگاو ڕەنگ بوو، هەروەها پێڵاوی بن بەرزیان لەبەر دەکرد، بۆ ئەوەی بەژن و باڵایان گەورەتر لە مرۆڤی ئاسـایی دەربکەوێت، ئەرسـتۆ لە کتێبی (هونەری شیعر)دا بە گرنگییەوە باسی کۆرسی کردوە، هەر چەند لەگەڵ بەرەو پێشەوە چوونی دراما ڕۆڵی کۆرس لە شانۆدا کەم بۆتەوە یان لە شانۆی نوێدا بەتەواوی نەماوە.

لە شانۆییەکانی (ئەسخیلوس) و (سۆفۆکلیس) و (یۆرپیدس) دا ((کۆرس ڕۆڵی سەرەکی هەبووە، لە نمایشەکانی (ئەسخیلۆس) دا ژمارەیان نزیکەی (50) کەس بووە ، بەڵام لەسەردەمی (سۆفۆکلیس) دا ژمارەکە کەم کراوەتەوە وە لە سەردەمی (یورپیدس) دا زیاتر کەم کراوەتەوە)).

سـەرۆکی کۆرس خۆریفیۆس (corypheos)یان پێ دەگوت، ڕابەرایەتی کۆرسـی دەکرد، سـرود و گۆرانیەکان ئەو دەستی پێ دەکرد و کۆرس دەیگێڕاوە، لەگەڵ سرود گوتنەوەدا لەسەر شانۆ کە هاتوو چۆیان دەکرد، ڕەنگی جل و بەرگیان بەپێی بابەتی شانۆگەریەکە دەپۆشی.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم کۆرسە لە ناو خۆیاندا سێ دەوریان دەبینی:

1- دیالۆگی ئاسایی: سەرەك كۆرس ئەم ڕۆڵەی دەبینی.

2- سـرود گوتن: ئەم سـروده پەیوەندی بە ناوەڕۆکی دراماکەوە هەبوو، هەندێك جاریش هەموویان بەیەکەوە دەیانگوت، جاری واش هەبوو هەندێك دەیانگوت و ئەوانی تر دەیانگێڕاوە.

3- گۆرانی و موزیک:- ئەم جۆرەیان بە درێژایی دراماکە بەردەوام بووە، لە نێوان گۆرانی گوتندا، پارچە موزیکیان ژەنیوە بۆ هێمن کردنەوەی کەش و هەوای دراماکە، ئامێرە موزیکییەکان بریتی بوون لە شمشاڵ و نای.

دوای ئەو قۆناغە ئەکتەری یەکەم و دووەم و سـێیەم لەکۆرس جیاکرایەوە هەر بۆیە قۆناغ بە قۆناغ ڕۆڵی کۆرس کەم کرایەوە.

لەسەردەمی (ئەسخیلۆس) ئەکتەری یەکەم لە کۆرس جیاکراوە، لە سەردەمی (سۆفۆکلیس) ئەکتەری دووەم وە لەسەردەمی (یۆریپیدس) ئەکتەری سێیەم جیاکراوە، هەروەها لە درامای ڕۆمانیەکاندا ڕۆڵی کۆرس زۆر کەم کرایەوە.

ئەوەی گرنگە بگوترێت (کۆرس) زمانحاڵی میللەت بووە هەمیشـە خەم و ئازار و داواکارییەکانی میللەتی بە دەسـەڵات گەیاندوە لە ڕێگەی سـرود و گۆرانی و لاواندنەوە، لە خواوەندەکان دەپاڕانەوە کە خێر و خۆشی بە هەژاران ببەخشێ.

## 2-2 کاریگەری ڕیتم لە دیمەنە شانۆییەکاندا:

ڕیتم (ئیقاع) (Rhythm) ((ووشەیەکی یۆنانییە لە ریتمۆس (Rhythmos) ەوە هاتووە، بەمانای دەنگ و بێدەنگی، یان ڕوناکی و تاریکی، یان جولەو وەسـتان، یان بەهێزی و لاوازی، یان مەودای درێژی و کورتی، یان مانای خێرا و خاو دەگەیەنێت)) (عبدالله، 2011، 75). بە واتایەکی تر (ریتم) بریتییە لە پەیوەندی و بەراوردی نێوان دوو جەمسەری جیاواز. لە هونەری موزیکدا ریتم ڕەگەزێکی سەرەکییە، مێژوونوسانی بورای موزیک کۆکن لەسەر ئەو بۆچونەی کە سەرهەڵدانی موزیک لە ریتمەوە دەستی پێکردووە، سەماکردن و جولە جەستەییەکانی مرۆڤی کۆن هەر هەمووی بەهۆی دەنگە ریتمیەکانەوە بووە، بنەمای سەرجەم هونەرەکانی (موزیک ، سەما، بالیە، شانۆ، شیعر،ڕۆمان) هەر هەمووی لە ڕێگەی ریتمەوە شێوەو ناوەڕۆکی بۆ دەستنیشانکراوە، ریتم بە شێوەیەکی گشتی لە موزیکدا ((پەیڕەوکردنی

کات دەکات بە تایبەتی کاتی خایەندەی دەنگی و کاتی خایەندەی بێدەنگییەکان، درێژترین یەکەی دەنگ ڕۆندە کە لە چوار کوتە پێك دێت، بلانش دوو، نوار یەك، کرۆش نیو، دەبڵ کرۆش چارەك... تا دوایی)).(ئازید، 2016، 61). لە ژیانی مرۆڤیشـدا ریتم بنەمایەکی سـەرەکییە لێدانی دڵ و هەناسـە وەرگرتن و هەناسـەدانەوە بەهۆی ریتمەوە بەڕێوەدەچێت، تەنانەت ریتمی ڕۆژ جیاوازە لەگەڵ ڕیتمی شـەو، سـروشـت و گەردون بەهۆی ریتمەوە جولە دەکات، سـورانەوەی زەوی بە دەوری خۆردا بەهۆی ریتمەوەیە، چرکەکانی کاتژمێر بەهۆی ڕیتمەوە بەڕێکی دەخولێنەوە، ڕیتم پەیوەندییەکی قولی بە باری ئابوری و کۆمەڵایەتی و سـایکۆلۆژی و جوگرافیاوە هەیە، خەڵکی ناوچە شـاخاوییەکان گورج و گۆڵن و ریتمی ژیانیان خێرایە، بەڵام خەڵکی ناوچە بیابانیەکان ریتمی ژیانیان خاوە، ئەو مرۆڤانەی وەرزش دەکەن یان لە کارگەکاندا کار دەکەن جەسـتەیان توندو تۆڵترە لە چاو ئەوانەی لە پشـت مێز و کورسـی کار بەڕێوەدەبەن، بەشـێوەیەکی گشـتی هەموو سـاتەکانی ژیان بەهۆی ریتمەوە زەمەنەکان بەڕێ دەکات، کەواتە ((ریتم بزوێنەرێکی هاوکێشـــەیی فیزیکی بینراو و بیســـتراوە، پەیوەســـتە بە یاســـایەکی تایبەت کە بریتییە لە لێدان و وەســـتان وە بەردەوام لە گۆرانکاریدایە بە گوێرەی کات و شـــوێن و پانتاییە جۆراو جۆرەکان))(إمام، 2014، 105). دەرهێنەر و ئەکتەر کاتێك کە تێکســـتی شـانۆیی دەخوێننەوە، هەسـت بە ریتمی دیمەن و ڕوداوەکان دەکەن هەر کەسێك (ئەکتەرێك) ریتمی تایبەتی خۆی هەیە، کە پەیوەندی بە تەمەن و باری کۆمەڵایەتی و ئابوری و سـروشـتی ئەکتەرەکەوە هەیە، تەنانەت ئەم دیاردەیە لە قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤیشدا دەردەکەوێت، بۆ نموونە تەمەنی منداڵی و گەنجی و پیری ڕیتمیان جیاوازە، کە پەیوەندی بە باری فیســـیۆلۆژی هەیە. مرۆڤ بەیانیان کە لە خەو هەڵدەســـتێت ســـات لە دوای ســـات جولەو جموجۆڵی خێراتر دەبێت، بەدرێژایی ڕۆژ چەندین گۆرانکاری بەسـەردادێت بەڵام کاتێك کە شـەو دادێت جوڵەو جموجۆڵی خاو دەبێتەوە تا ئەوکاتەی بە تەواوی خەوی لێ دەکەوێت. ئەمەش ئەوەمان بۆ دوپات دەکاتەوە، کە ژیان شـــانۆیە، شـــانۆش وێنەیەکی هونەری ژیانە یان ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵگایە بەشـــێوەیەکی فیکری و هونەری و ئیستاتیکی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەکارخستنی موزیك لە شانۆی نوێدا:-

## 1-3-2.(ریتشارد ڤاگنەر) (Ricah Wagner) (1813-1883)

سەرچاوەی موزیکی درامی و بابەتەکانی بۆ ئەفسانە کۆنەکان دەگەڕێتەوە، کە بەشێوەیەکی گوزارشت ئامێز بەشێوەی جۆراوجۆر دەرکەوت و لەشانۆی گۆرانی ئامێز بەکارهێنرا، کە پاڵپشتی دیمەنە درامییەکانی دەکرد، کەش و هەوای نمایشەکەی گەرم و پڕ خرۆش دەکرد. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم موزیکی شانۆیی لەسەر دەستی (ریتشارد ڤاگنەر) بۆ ئۆپێرا گواسترایەوە، کە لەسەرەتاشدا وەکو هونەرێکی باڵای ئایندە لە ئیتاڵیا دەرکەوت، هونەری ئۆپێرا توانی سەرجەم هونەرەکانی شانۆ و شێوەکاری و موزیک لەخۆی کۆبکاتەوە، بەتەکنیکێکی نوێ بێتە بواری هونەری، ((ڤاگنەر ساڵی ١٨٥٠ کتێبێکی دەرکرد بەناوی (ئۆپێرا و دراما) کە بووە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئۆپێرا و شانۆ و هونەری درامای موزیک ئامێز، ڤاگنەر توانی لەمیانی بەرهەمە موزیکییەکانیەوە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان شانۆ و بینەر دروستبکات، هەر بۆیە باوەڕی وابوو, کە دراما ناگاتە لوتکەی تەواو ئەگەر بابەتە درامییەکانی لەناو میللەتەوە هەڵنەقوڵێت. هەروەها پێی وابوو ئەگەر شانۆ و موزیک بەیەکەوە ئاوێتەی یەکتر بین دەتوانن بەهایەکی هونەری بەرز بە بینەر ببەخشن)) (اریک، 1975، ١٩)

(ڤاگنەر) هەمیشە هەوڵیدەدا هەست و سۆزی بینەر بۆ ناو شانۆ و شاکارە ئۆپراڵیەکان ڕابکێشێت، کە لەدوای نمایش لە زاکیرەی بینەراندا بمێنێتەوە، هەر بۆیە پێی وابوو درامای موزیک ئامێز ڕێگایەکی گرنگە بۆ ئەوەی بینەر بۆ ناو ڕووداوە درامیەکان ڕابکێشێت و کاریگەری لەسەر هەست و سۆزی جێبهێڵێت، (ڤاگنەر) بەشێوەیەکی تیۆری و پراکتیکی هونەری دراما و موزیکی بەیەکدی بەستەوە، لە دەرئەنجامدا توانی ((درامای موزیک ئامێز بەرهەم بهێنێت، کە لە زۆربەی کاتدا بە (ئۆپرالی ڤاگنەری) ناوبانگی دەرکردبوو، کە ئەمەش قۆناغێکی گرنگ بوو بۆ بەرەوپێش چوونی هونەری ئۆپێرا وەکو هونەرێکی ئایندە، هەر بۆیە توانی کتێبی (هونەر و شۆڕش) (هونەر و ئایندە) ساڵی ١٨٤٩ بخاتە بەرچاوی خوێنەران)) (اریک، 1975، 21).

ئەو هەمیشە لەو باوەڕەدابوو، کە هونەری ئایندە هونەرێکی باڵا و کاریگەر دەبێت، دەتوانێت بیروباوەڕی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بگۆڕێت، چونکە هونەر و ژیان هەر دووکیان پێویستیان بە یەکتر هەیە، وە هەمیشە دەیگوت: هونەر بۆ ئەوە دانەنراوە, کە ڕووداوەکانی ژیان بگوازێتەوە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەر شانۆ، بەڵکو وەزیفەی هونەر بریتییە لە دارِشتنەوەی ژیان بەشێوەیەکی هونەری و ئیستاتیکی ، هەمیشە جەختی دەکردەوە کە هونەری سەما و بالیە بەبێ موزیک هیچ بەهایەک نابەخشێت، بۆیە تەوزیف کردنی هونەری سەما بە هاوکاری موزیک لە شانۆ و ئۆپێرادا جوانییەکی بێ هاوتا بە هەست و سۆزی بینەران دەبەخشێت.

## 2-3-2. (ئەدۆلف ئاپیا (Adolphe Appia) (1862 – 19 28):-

بیرمەندی شانۆیی (ئاپیا) یەکێکە لەو هونەرمەندە گەورانەی کە رۆڵی گرنگی لە بواری موزیک و ڕوناکی شانۆیی لە ڕێگەی توێژینەوەکانی بە شێوەی تیۆری و پراکتیکیدا بینی، وە لە میانی بەدواداچوونی کارە شانۆییەکانی (ڤاگنەر) کە تایبەت بوون بە ((درامای موزیکی هەر بۆیە یەکەم کتێبی دانا بە ناوی (دەرهێنانی درامامی موزکی ڤاگنەر) ساڵی 1895، دواتر ساڵی 1899 کتێبێکی تری بە چاپ گەیاند بە ناوی ( موزیک و هونەری شانۆ)) (عبدالله، 2011، 42).
(ئەبیا) و (ڤاگنەر) لەو باوەڕەدابوون، کە ئامانجی شانۆ بریتییە لە خولقاندنی جیهانێکی نموونەیی، کە بتوانن کاریگەری لەسەر هەست و نەستی بینەر دروست بکەن ، لەبەر ئەوەی (ئەبیا) پێیوابوو موزیک هونەرێکی باڵایە، کە جێگای لەناو هەموو هونەرەکان دیارە، چونکە موزیک ئاوێنەی هەموو دیمەنە شانۆییەکان دەبێت و بەشداری دەکات لە ڕێکخستن و تەواوکردنی ڕەگەزەکانی شانۆ، هەروەها موزیک بە شێکە لە پێکهاتەو بیرۆکەی درامی و هۆکارێکە بۆ بەدەرخستنی وێنەکان، کە لە هەست و سۆزەوە دەردەچن، هەر بۆیە ((شانۆ لای (ئەبیا) جیهانێکی سیحرییە، بونیادێکە لە سێبەری خەون و خەیاڵ و تێڕاماندا لە دایك دەبێت و فەزای شانۆ رێك دەخات و هاوکێشەکە تەواودەکات، هەر بۆیە موزیک ڕەگەزێکی سەرەکییە لە نمایشی شانۆییدا، شێوەیەکە لە شێوەکانی هونەری باڵا، هەر بۆیە ناوی بە هونەری نموونەیی ئەفلاتونی دەبرد)). (عبدالله، 2011، 43).
(ئاپیا) دووپاتی دەکاتەوە، لە شانۆ بەبێ ڕەگەزی موزیک وەکو جەستەیەکی بێ گیانە و ناتوانێت بەبێ موزیک جولە بکات و نەشونما بکات، چونکە موزیک ئاوازە و ریتمەو هارمۆنییە، پردی پەڕینەوەی ئەکتەرەکانە بۆ ناو دنیای جوانی، هەر موزیکە دەتوانێت ئەودیوی روداوەکانی دەرەوەی تەختەی شانۆ بە بینەر ئاشنا بکات و روناکی پێ ببەخشێت.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 3-3-2. گۆردون گریگ (Edward Gordon Grig) (1872 – 1966):-

گۆردون گریگ بیروڕاکانی خۆی بەستەوە بە فەلسەفەو جوانناسی و زانستی هونەر دوای ئەوەی کە بە شــێوەیەکی ئەکادیمی هونەرەکانی تەلارســازی و موزیک و وێنەکێشــانی خوێندوە، توانی ئەم هونەرانە لەناو هونەری شــانۆدا کۆبکاتەوە و خەونەکانی خۆی بە ئاکام بگەیەنێت، هەر بۆیە کە خۆی تەرخان کرد بۆ بواری هونەر زۆر سەرسام بوو بە بیرمەندانی شانۆی نوێ، بەتایبەتی (ڤاگنەر) و (دۆق ساکس ماینجن) بەسوود وەرگرتن لە وان توانی بە ستایلێکی تازەوە بێتەوە ناو هونەری شانۆ.

گۆردن گریـگ پێیوابوو لـە هونـەردا لایـەنی پراکتیـك دەكـەوێتـە پێش تیۆریی، هـەر بۆیـە هـەوڵیـدا پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان ((هونەری نواندن و دیکۆر و جل و بەرگ و روناکی و موزیک و ســەما دروســتبکات لەســەر بنەمایەکی فیکری و ئیســتاتیکی، لە ســەرەتای ســەدەی بیســتەم دەســتی بە چاپکردنی کتێبەکانی کرد ، بە ناوی (هونەری شــانۆ – 1905) ، (لە هونەری شــانۆییدا – 1913) ، (شانۆی پێشرەو).)) (حمداوی، 2011، 62)

(گۆردن گریگ) لە ستایلە شانۆکەیدا هەوڵیدا بە شێوەی میزانسێن ڕەگەزەکانی دەنگ و ڕەنگ و جولە ئـاوێتـەی یـەکتر بکـات و دروســتکردنی پـەیوەنـدی لـە نێوان ئـەکتـەرو موزیـک لـەســەر بونیـادی هاوسەنگی، هەر بۆیە بە گرنگی دەزانی، کە هەموو ئەکتەرێك پێویستە گوێچکەیەکی موزیکی باشی هەبێت و بتوانێت لەگەڵ دەنگە ریتمییەکاندا جولەی جەســتەیی ڕێك بکات ، گرنگی دان بە چین و تۆن و شــێوازی لەرینەوەی دەنگی ئەکتەر لە مەودا جۆراو جۆرەکان کە بتوانێت بە شــێوەیەکی هونەری ئەدای دەنگی بکات، هەر بۆیە توانی وەکو بیرمەندێکی شــانۆیی لە (شــانۆی مۆســکۆی هونەری) کاربکات و چارەســەرێکی درامیانە بۆ بەیەکبەســتنەوەی هونەرەکانی موزیک و روناکی و تەلارسازی لە فەزای شانۆدا بدۆزێتەوە، کە لە دیاریکردنی کات و شوێن هاوکێشەی وێنە درامییەکاندا ڕۆڵی کاریگەریان هەبێت و بەشدار بن لە پێکهاتەی نمایشی شانۆییدا.

## 4-3-2. ڤسیۆلۆد مایرهولد (Vsevolod Meryhold) (1874 – 1940):-

مایرهولد یەکەم ستۆدیۆی لە (شانۆی هونەر) لە مۆسکۆ لەسەر داوای مامۆستاکەی (ستانیسلاڤسکی) ســاڵی (1905) دامەزراند، بۆ ئەوەی پەیامە شــانۆییەکانی بگەیەنێت، ئامانجی بەرزی ئەوەبوو،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەمیانی ئەم ستۆدیۆیەدا بتوانێت ژیانێکی نویێ بۆ شانۆ بخولقێنێت هەر بۆیە هەوڵیدا بە شێوازێکی جیاوازتر لە مامۆستاکەی (ستانیسلاڤسکی) دەرکەوێت، هەر بۆیە لەسەر ستایلێکیتر کاری کرد، ئەویش بیۆمیکانیك (Biomechnics) بوو، بە واتای (میکانیزمی جەستە)، هەر بۆیە لەگەڵ دەسپێکدا خۆی دورخستەوە لە شانۆی واقیعی و ڕاهێنانی بە ئەکتەرەکان دەکرد بە پشت بەستن بە ریتمی موزیکی و جولەی بالیە و جمناستیك. لە میانی پرۆڤەکانی گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ((بە کارخستنی موزیک لە شانۆدا زۆر گرنگە، چونکە موزیک ئامرازێکی تەجریدیە لە توانایدا هەیە زۆر بە جوانی گوزارشت لە بیرو بۆچونەکانی دەرهێنەر بکات. لە کاتی دەرهێنانی ئۆپێرای (ڤاگنەر – تریستان و ئیزۆلدە) ساڵی 1905 گەیشتە ئەو باوەڕەی کە دنیای روح ناتوانیت خۆی دەربخات ئەگەر لە میانی موزیکەوە نەبێت، بەپێچەوانەوە موزیک خۆی لە خۆیدا دەتوانێت گوزارشت لە دنیای روح بکات)) (عبدالله، 2011، 50).

(مایرهولد) دەڵێت، پێویستە گونجانێکی تەواو لە نێوان ئەدای ئەکتەر موزیکدا هەبێت، چونکە موزیک دەتوانێت ریتمی ئەکتەر بۆ ئەداو جوڵەی جۆراوجۆر بگۆڕێت، کە ئەمەش جوانکاری بە خۆنواندنی ئەکتەر لەسەر شانۆدا دەبەخشێت، کە گوزارشت لە دەربڕینی ناوەوە و دەرەوەی ئەکتەر دەکات، تەنانەت ئەگەر ئەکتەریش بێ دەنگ بێت، بەڵام موزیک لەسەر دەربڕین هەر بەردەوامە، ((موزیک بەشداری لە ئاماژەکانی ئەکتەردا دەکات و بە شێوەیەکی رێك و جوان پاڵپشتی دەکات، هەروەها لە کاتی هێمن بوونەوەی ئەکتەر لەسەر شانۆ هەمدیسان موزیک دەتوانێت گەرم و گوڕی بە ساتەکانی نێو دیمەنە شانۆییەکە ببەخشێت)) (عبدالله، 2011، 51).

## 5-3-2. بیرتۆڵد برێخت (Bertolt Breht) (1898 – 1956):-

فەلسەفەی (برێخت) لە شانۆ پێچەوانەی تیۆرەکانی شانۆی دراميیە و دیواری چوارەمی لە شانۆ لادا، ئەو گرنگی نەدەدا بە یەکەی بابەت و رووداو و بونیادی درامی بە ئاراستەی لوتکە. ئەوەی کە لای گرنگ بوو بریتی بوو لە ئاراستەکردنی کێشەکان و بەشداریکردنی بینەر وەك رێگە چارە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان لە رێگەی شانۆکەی کە بەشانۆی (داستانی) ناسرابوو، کە پێی وابوو نابێت هیچ بەربەستێك لە نێوان ئەکتەر و بینەردا هەبێت، بە شێوەیەك کە دور بێت لە سۆزداری و هەست و نەست و ڕوچونیان بۆ ناو ڕوداوە دراميیەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(برێخت) توانای خۆی بەکارهینا بۆ گۆڕینی ڕۆڵی ((موزیک لە نمایشی شانۆیی، بەکارهینانی موزیک لای ئەو بۆ ئەوە نەبوو ڕووداوەکان گەرم و گوڕ بکات، بەڵکو بۆ ئەوە بوو مانا ببەخشێت بەو قسانەی کە لەسەر شانۆ دەکرێت، هەوڵیدا موزیک بەکاربهێنی بۆ گونجاندن لەگەڵ ڕوداوەکان ، نەوەك بۆ خولّقاندنی کەش و هەوایەکی درامی، کە هەست و سۆز بەسەریدا زاڵە)) (عبدالله، 1997، 50). هەروەها دوپاتی دەکردەوە، کە پەیوەندی نێوان شانۆ و موزیک دابڕان نیە لە یەکتر، بەڵکو تەواوکەری یەکترن، پێی وابوو گونجاندنی موزیک لەگەڵ ئەدای ئەکتەر زۆر گرنگە بۆ بەخشینی ماناو ئاماژەکان. بابەتەکانی شانۆی داستانی (برێخت) زنجیرەیی نەبوون، هەر بۆیە موزیک لە نێوانیان بەکاردەهێنرا بە شێوەی پارچە پارچەو تەوواونەکراو وەکو زنجیرەیەکی لەیەك پچڕاو، نەوەك بۆ بەستنەوەی دیمەنەکان ، دور لە خولّقاندنی بونیادی درامی ، هەر بۆیە ئەو گۆرانیانەی لە نێوان دیمەنەکان بەکاردەهێنرا سەربەخۆ بوون و پەیوەندیان نەبوو بە ڕوداوەکان، ئەرك و فەرمانەکانی بریتی بوون لە کورت کردنەوەی چیرۆکەکەکان و دیمەنەکان یان بۆ لێدوان بوو لەسەر دیمەنەکان یان دژە کرداربوو بۆ ئەوەی ڕوداوەکان بە ئاراستەیەکی تری ببات.

بە دڵنیاییەوە کە گۆرانی لە نمایشە شانۆییەکانی (برێخت) ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینن، هەموو شانۆگەریەکانی بە گۆرانی کۆتاییان دێت، کە لەلایەن جۆقە (کورس) دەگوترێت، کە ئەمەش داخوازی زۆری لای بینەرەکان لەسەربوو.

(برێخت) لە قۆناغی لاوی زۆر خەزی لە موزیک بووە و ئامێری گیتاری ژەنیوە و گۆرانی گوتوە، هەر بۆیە موزیک و گۆرانی ڕەگەزێکی گرنگ بووە لە پێکهاتەی نمایشە شانۆییەکانی.

## 6-3-2. پیتەر بروك (Peter Brook) (1925 – لە ژیان ماوە):-

پیتەر برووك لە تیۆرە شانۆییەکەی هەمیشە دووپاتی دەکردوە کە شانۆی هاوچەرخ شانۆی دەرهێنەرە بەڵام سینۆگراف و تەکنیکی هونەری رۆڵێکی گرنگ دەبینن لە پێکهێنانی فەزای شانۆیی ئەمەش بە بەشداری گروپێکی شارەزا لە تەکنیکی هونەری (دیکۆر، روناکی، موزیک، جل و بەرگ، ئارایشت و دەمامك) هەروەها ڕۆڵی نوسەری شانۆیی بە گرنگ وەسف کرد (برووك) لە شانۆ ئەزموونگەرییەکەیدا، کە لە هونەری (ئۆپێراوە) دەستی پێکرد و کاری بۆ شانۆی جددی و شانۆی میللی دەکرد، لەسەر

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بنەمایەکی هونەری . (پیتەر برووک) زۆر گرنگی بە موزیک دەدا، ڕۆژانە چەند کاتژمێرێکی بۆ گوێ گرتن لە شاکارە موزیکییەکان تەرخان کردبوو.

(برووک) بە شێوەیەکی نوێ موزیکی لە شانۆدا بەکارهێنا، بۆ گوزارشتکردن و ئاماژەی ڕەمزی.

(پیتەر برووک) لە نمایشە شانۆییەکانیدا ((پشتی تیپێکی موزیک دەبەست، کە چەندین ئامێری لەخۆدەگرت، لە هەندیك لە نمایشەکانیدا ئامێری پیانۆی بەکاردەهێناو چەندین مایکرۆفۆنی لەبەردەم ئامێرەکە دادەنا تاکو دەنگی ئامێرەکە بە گەورەیی بگاتە گوێچکەی بینەر، چەند کارتێکەری دەنگی بەکاردەهێنا، بۆ ئەوەی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان پانتاییەکی فراوان لە نمایشی شانۆیی داگیر بکەن))(عبدالله، 2011، 60). چونکە ئەو پێیوابوو دەنگ کاریگەری زۆری لەسەر جولە هەیە و وزەی زیاتری پێ دەبەخشێت.

(برووک) بۆ خوڵقاندنی کەش و هەوایەکی درامی و ئاهەنگسازی لە هەندێك نمایشدا کۆرسی بەکاردەهێنا، وەکو (کۆڕاڵ) ، ئامێری موزیکی ئەلکترۆنی بەکاردەهێنا و موزیکژەنەکان چەندین ئاوازیان دەژەنی بە تێکەڵکردن لەگەڵ کارتێکەرە دەنگییەکان، بۆ ئەوەی بتوانێت چەند تابلۆیەکی وێنەیی بخولقێنێ و هەندێك جار ئەکتەرەکان جوڵەی (سێرك) یان ئەنجامدەدا، کە ئەمەش تەکنیکێکی هونەری بوو، جوانکاری دەبەخشییە نمایشە شانۆییەکە.

ئامانجی (برووک) لەبەکارهێنانی موزیکدا تەکنیك بوو، هەر بۆیە بە شێوەیەکی ئەزمونگەری موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکانی لە نمایشە شانۆییەکانیدا بەکاردەهێنا.

## 3.شیکردنەوەی نموونەی توێژینەوە:

### 1-3. کۆمەڵگای توێژینەوە:

لەمیانی گەڕان و پشکنین بەنێو نمایشە شانۆییەکانی هەرێمی کوردستان کە لە نێوان ساڵانی (2016 – 2020) کە لە شار و شارۆچکەکان نمایش کراون زیاتر لە (14) نمایشی شانۆیی لەخۆدەگرێت، توێژەر بە مەبەستی شیکردنەوە (2) نموونەی شانۆیی هەڵبژاردووە، کە بەشێوەیەکی گرنگ تیشک خراوەتە سەر ڕەگەزی بەکارخستنی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە نمایشی شانۆییدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2-3. ئامرازی توێژینەوە:

- بینینی نمایشە شانۆییەکان ڕاستەوخۆ لەناو هۆڵ بەشێوەیەکی زیندوو.
- بینینی نمایشە شانۆییەکان لە ڕێگەی ڤیدیۆی تۆمارکراو.

## 3-3. میتۆدی توێژینەوە:

توێژەر میتۆدی شیکاری وەسفی بۆ توێژینەوەکە بەکارهێناوە.

## 4-3. نموونەی توێژینەوە:

توێژەر بۆ تیشک خستنەسەر ڕەگەزی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە نمایشی شانۆییدا دوو نموونەی شانۆیی شیدەکاتەوە، کە ئەم شانۆگەریانەی خوارەوەن:

**نموونەی یەکەم: شانۆیی (مارا – ساد)**

**نووسینی: پیتەر ڤایس**

**وەرگێڕانی: شێرزاد حەسەن**

**دەرهێنانی: هیوا فایەق**

**بەرهەمی: (کۆڕی شانۆیی با)**

**بەهاوکاری:**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیریی و هونەر/ سلێمانی/ بەشی هونەری شانۆ**

**پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی / بەشی شانۆ**

**شوێن: هۆڵی ڕۆشنبیری**

**ڕێکەوت: 2016/11/6 و ڕۆژانی دوایی بۆ ماوەی (٢٠) ڕۆژ**

**کات: 5:30 خولەک (ئێوارە)**

**چیرۆکی دەقی شانۆیی ماراساد:**

(مارا – ساد) لەلایەن پیتەر ڤایس وەک ئەزموونێکی جیاواز بۆ دەسەڵاتی چیرۆک، لە ساڵی (١٩٦٣) نووسراوە، تیایدا کۆمەڵێک چەمکی وەک شۆڕش و شۆڕشی دژ، سەرکوتکردنی شۆڕشگێڕان و بە جەلاد بوونی شۆڕشگێڕان، شوناس و سنوورەکانی ئازادی و کاریگەرییەکانی لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا، ڕەنگدانەوەی واقیعی تاڵی دوای جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم کە چ کەش و هەوایەکی تاریکی لەسەر ژیاندا بەخشی خراوەتەڕوو، هەروەها تیشک خستنە سەر شۆڕشی فەرەنسی وەک ئەزموونێک لە شۆڕشی گەلان، بەسەرکردنەوەی ئەو نەهامەتی و کارەساتانەیە, کە لە ئەنجامی شەڕ و پاشماوەی جەنگ ڕەنگدەداتەوە و دەبێتە واقیعێکی تاڵ و سەپێنراو لەئەنجامدا قوربانی زۆری لێ دەکەوێتەوە. دەقی ئەم شانۆییە تۆمارێکی مێژووییە لە ڕێگەی چەندین دەلالەت و هێماوە، ئاماژەکانی تیشک دەخەنە سەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ڕووداوەکانی ناو شۆڕش و دوای شۆڕش، کە لەم ڕێگەیەوە شۆڕشگێڕان و میللەت دەیانەوێت بە ماف و ئامانجەکانیان بگەن.

## فەزای نمایش:

فەزای نمایش پێکهاتووە لە نەخۆشخانەیەکی دەروونی، کە پێکهاتبوو لە دوو نهۆم، دیوارەکانی بە ڕەنگی شین و سەوز و سور داپۆشرابوون، کە ئەمەش گوزارشت لە چەندین دەلالەت دەکات، کارەکتەرەکانی ئەم نەخۆشخانەیە بریتین لە خەڵکی شۆڕشگێڕ، کە هەریەکەو لە دید و بۆچوونی خۆیەوە دەڕوانێتە ڕووداوەکانی شۆڕش و دوای شۆڕش، کە پێکهاتوون لە مرۆڤی داهێنەر و بەرهەڵستکار، لە ڕووی فیکریی و فەلسەفییەوە شۆڕش نە سەرەتا و نە کۆتایی هەیە، ڕووداوەکان بەردەوام لە گۆڕاندان و ڕووداوی دیکەی بەدوادا دێت. لە ڕووی ڕامیارییەوە دەلالەتی ئەوەی هەیە، کە هێشتا شۆڕشەکان نەیانتوانیوە شکۆ و بەها بۆ مرۆڤ بگەڕێننەوە و مرۆڤە شیاوەکان بخەنە شوێنی شیاو، چونکە لەڕووی لۆژیکییەوە ئەگەر مرۆڤە ژیر و بەهرەدارەکان لە نەخۆشخانەیەکی دەروونی بەندکرابن، ئەوە بێگومان لە دەرەوە ئەوانەی وڵات بەڕێوە دەبەن کەسانی میکیاڤیللی و نەخۆشن، لەم نمایشەدا (٣٦) ئەکتەر بەشداریان کردبوو, لە دەوری سەرەکی و لاوەکی و کۆمبارس، ئەوەی شایەتی باسە (کۆرس) ڕۆڵی سەرەکی دەبینی لە پێکهێنانی کوتلە و دیمەنەکاندا، جلوبەرگی ئەکتەرەکان لەنێوان ڕەنگە گەرمەکان و ساردەکان دابەشکرابوو بە ستایلی جلوبەرگی مۆدێرن. هەر دوو کەسایەتی (مارا) و (ساد) لە دوو فۆرمی جیاوازدا دەردەکەون، بەڵام خاڵی هاوبەشیش لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نێوانیاندا هەیە و ئەویش تیشک خستنەسەر توند و تیژییە. جان پۆل مارا یەکێکە لە سیمبولەکانی شۆڕشی فەرەنسی و هەوڵدەدات شۆڕش لە هەموو ئەو کارەکتەرانە پاک بکاتەوە، کە دژە شۆڕشن و بە خیانەتکار ناویان دەبات، بەرژەوەندی شۆڕش وا دەخوازێت، کە لەناو ببردرێن، هەر بۆ ئەم مەبەستە قەسابخانەیەک دروست دەکات، هەر بە ئیمزای خۆی سەری چەندین کەس دەپەڕێندرێت، سەربڕاوەکان لەبەردەم شۆڕشگێڕان وەکو بووکەشووشە یاریان پێ دەکرێت، پاشان سەلکە بڕاوەکان دەخرێنە ناو حەوزێکی خوێناوی، کە گوزارشت لە بەردەوامی شۆڕش دەکات. کەسایەتی (مارا) پێی وایە لە شۆڕشدا نابێت تەنها شۆڕشگێڕان قوربانی بدەن، بەڵکو پێویستە دژە شۆڕشگێڕان و خیانەتکاران بە سزای گەل و میللەت بگەن، لەڕووی فۆرمەوە ئەگەر سەیری کارەکتەری مارکیز دی (ساد) بکەین، دەبینین هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ کارەکتەری (مارا)دا نییە چونکە ئەویش بەشێوەیەک چێژ لە سەربڕین و خوێن ڕشتن وەردەگرێت، هەر بۆیە هەردووکیان وەکو کەسێکی سادیزم دێنە بەرچاو، کە چێژ لە توند و تیژی و ڕووتکردنەوە و ئێش و ئازاردانی بەرامبەر وەردەگرن. ئەوەی شایەنی باسە ماوەی نمایشەکە دوو کاتژمێری خایاند.

## تەوزیف کردنی موزیک و کارتێکەرە دەنگیەکان:

لەم نمایشەدا لەلای چەپی تەختەی شانۆ پیانۆیەک و پیانۆژەنێک کە جگە لە ژەنین بە دەنگە گڕەکەی سۆلۆی میلۆدییەکانی بەڕێوەدەبرد، هاوکات ئەکتەرە بەکۆمەڵەکان وەکو گروپێکی کۆڕاڵی و ئۆپرالی و ڕیتم و ئاوازی جۆراوجۆرەوە بەشێوەیەکی زیندوو بەجولە و ئەدای ئۆرکسترالی بەشدارییەکی کاریگەریان لە ڕووداو و دیمەنە شانۆییەکان دەکرد، لەو نمایشەدا دەرهێنەر زۆر گرنگی بە تەوزیف کردنی گۆرانی و موزیک و کۆڕال دابوو، کە بەئەندازەیەک هاوتەریبی لەگەڵ ئەدا و جولە و تابلۆ هونەریەکان دروست کردبوو، ڕیتمی موزیک و گۆرانی بە چەندین شێواز بەردەوام لە بەرزبوونەوە و خاوبوونەوە دابوو هەربۆیە کەش و هەوایەکی سایکۆلۆژی و دراماتیکی بە دیمەنە شانۆییەکان بەخشیبوو. لەماوەی (٢) کاتژمێردا سەرجەم تابلۆ و دیمەنە شانۆییەکان لە ڕێگەی موزیک و گۆرانی و ئەدای کۆڕالی ئەکتەرەکان و ڕووداوەکان لەسەر بنەمایەکی درامی بەرەو لوتکە دەڕۆیشتن، هاوکات کارتێکەرە دەنگییەکان, کە ئاماژەیەک بوو یان چەندین دەلالەت بوو بۆ هێمای شۆڕش و ترس و تۆقاندن و توندوتیژی، توانیبووی ڕوح بە وێنە جولاوەکان ببەخشێت، گۆرانیبێژی (سۆلۆ) و سەرجەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەکتەرە بەکۆمەڵەکان (کۆرس) بەجۆش و خرۆشەوە، ریتمی دیمەنەکانیان دەپاراست و لەگەڵ ریتمی میلۆدییەکان لە فەزای نمایشدا جولە و ئەدای نواندنیان ڕێکخستبوو، بە ئەندازەیەک کە بینەر هەست بە بۆشـایی نەکات و بەردەوام سـەرنجی ڕووداوەکان بدات، لە نمایشـی شـانۆیی (مارا – سـاد) ڕۆڵی موزیـک و کـارتێکەرە دەنگییەکـان گورڕ و تینی بە نمـایشـــکـاران بەخشـــیبوو و کەش و هەوایەکی سـایکۆلۆژی و ئیسـتاتیکی و درامی خسـتبووە نێو هزر و خەیاڵی بینەران، تەنانەت تەوزیف کردنی ڕوناکی و ڕەنگەکانی ڕووناکی بەپێی کەش و هەوای دەنگە گۆرانی ئامێزەکان توانیبووی کەشـێکی جادویی بخوڵقێنێ، کە وێنە جووڵاوەکان بتوانن گوزاۆشـت لە دۆخە سـیمۆلۆژییەکان بکەن، دیالۆگە پەخشان و شیعرئامێزەکان و دەنگی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان بەشێوەیەکی هارمۆنی تێکەڵی یەکتر ببوون، کە لە سـێ هێڵی جیاوازەوە دەنگەکان دەبیسـتران و دەکەوتنە بەر گوێچکەی بینەر. موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان و دەنگە میلۆدییە کۆرالییەکان گورڕ و تینێکی بێ وێنەیان بە دیمەنە شانۆییەکان بەشێوەیەکی فەنتازی و تەکنیکی و هونەریی بەخشیبوو.

**نموونەی دووەم: شانۆیی (سێبەری چیا)**

**نووسین و دەرهێنانی: هیوا سوعاد یونس**

**نواندنی: ڕۆزانا فەرهاد – وەیلان سدیق – شەیما فەرهاد**

**بەرهەمی: بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ / هەولێر**

**شوێن: هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ**

**ڕێکەوت: سێ شەمە 2020/2/18 بۆ ماوەی (2 ڕۆژ)**

**کاتژمێر: (5) ی ئێوارە**

**چیرۆکی دەقی شانۆیی (سێبەری چیا):**

ئەم دەقە شـــانۆییە دەقێکی واقیعی ڕەمزییە، باس لە دوو تەوەر دەکات، تەوەری یەکەم باس لەو ئافرەتانە دەکات، کە بوونەتە قوربانی کارەسـاتەکانی ئەنفال و شــەڕی داعش و شــەڕی ناوخۆ، بەڵام تەوەری دووەم باس لەو مرۆڤانە دەکات، کە تا دوێنێ لەژێر سـێبەری چیادا دەجەنگین و بەرگریان لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خاک و نیشـــتمان دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی ئەو هەموو ســـەروەت و ســـامانەی میللەت، کە کەوتۆتە دەســـتیان گۆڕاون و خەریکی گەندەڵین و ڕۆژە تاڵەکانی خەباتیان لەبیر خۆیان بردۆتەوە، هەر بۆیە پەیامی ئەم دەقە شانۆییە پێیان دەڵێت ئاوڕێک لە سێبەری چیا بدەنەوە و بەڵێن بە میللەت بدەنەوە، کە دەســـت لەکاری نادادپەروەری هەڵگرن و ببنەوە پشـــت و پەنا بۆ ئەو میللەتەی کە ســـەردەمێکە خەبات دەکات و قوربانی لەپێناو مافە ڕەواکانی میللەت دەدات، هەر بۆیە شۆڕشگێڕانی دوێنێ کە لە چیا بوون و دوو ڕێگەیان لەپێشـــە یان دەبێت پەیمان بۆ گەل و نیشـــتمان دووپات بکەنەوە و وەکو جاران خزمەتیان بکەن و ڕێز لە ســـەروەرییەکانیان بگرن یان جارێکی تر دەبێت بەناچاری و لەژێر تووڕەیی و تەقینەوەی ناخی میللەت شـارەکان بەجێبهێڵن و جارێکی تر بگەڕێنەوە ژێر سـێبەری چیا، هەروەها لە پەیامی کۆتایی ئەم دەقەدا باس لە خۆڕاگری میللەت دەکات، کە هەمیشـــە پاڵپشـــتی ئەو ئەزموونەی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان بووە، بۆیە پێویســـتە بەرپرســـانی حکومەت خزمەتی میللەتەکەیـان بکەن و گوێ بۆ داواکـارییەکـانیـان ڕابگرن، تـاکو هەموو بەیەکەوە بتوانن ژیـانێکی ئاسوودە و بەختەوەر و ئایندەیەکی گەش و ڕوناک بۆ نەوەکان دابین بکەن.

## فەزای نمایش:

لەم نمایشـــە شـــانۆییەدا، دەرهێنەر وەکو ســـتایلی شـــانۆیی پشـــتی بە شـــانۆی تەعبیریی هێما ئامێز بەستووە، کە پەردەی شانۆ دەکرێتەوە، چاومان بە فەزایەکی ڕەنگاوڕەنگ دەکەوێت، لەدواوەی شانۆ لە ڕێگەی شاشەی سکرین وێنەی چیایەک دەردەکەوێت. زەوی تەختەی شانۆ بە قوماشی ڕەنگی شین داپۆشـراوە، هەرسـێ دیوارەکانی سـەر تەختەی شـانۆ بە سـایکی ڕەش داپۆشـراوە، لە دواوەی شـانۆ تابووتێک کە بە ئاڵای کوردســـتان داپۆشـــراوە دانراوە، هەرســـێ ئەکتەرەکەی نمایشـــەکە ئافرەتن، هەریەکەیان لەسەر ستونێکی چوارگۆشەیی دانیشتووە، کە لەناوەوە ڕوناکی بۆ دانراوە و تیشکەکانی ڕووناکی دەبەخشـنە سـەر تەختەی شـانۆ. لە سـەرەتای نمایش لەسـەر تەختەی شـانۆ چەندین مۆم داگیرساوە، وەکو دەلالەتێک بۆ بەردەوامی ژیان بەخۆشی و ناخۆشییەکانیەوە، ڕوناکی فەزای شانۆ بەگشتی پێکهاتووە لە ڕەنگی بنەوشەیی، ئەکتەرەکان مامەڵەیەکی ڕوحی و جەستەیی لەگەڵ یەکتردا دەکەن، ئینجا هەر ئافرەتێک بە جولانەوەی تەعبیری چیرۆک و کارەســـاتەکانی خۆی بۆ بینەران باس دەکـات، هـاوکـات هەرســـێ ئەکتەرەکـان هەوڵـدەدەن لەڕێگەی بەرجەســـتەکردنی تـابلۆی تەعبیری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەشـــداری لە پێکهـاتەی دیمەنەکـان بکەن و گوڕوتین بە ڕووداوەکـان ببەخشـن. یەکێـک لە تایبەتمەندییەکانی شـانۆی تەعبیری دیمەنی یەکەم بەشـێوەی واقیعی دەسـت پێدەکات، دواتر لە دیمەنەکـانی تر وێنە دراميیەکـان لەڕێگەی ئەدای نوانـدن و جولەی جەسـتەیی تـابلۆ لەڕێگەی ڕەگەزەکانی سیمۆلۆژیاوە مامەڵە لەگەڵ هێماکانی بەکارخستنی نمایش دەکرێت. لە نمایشی شانۆیی (سـێبەری چیا)دا وێنە جوولاوەکان لەڕێگەی پێکهێنانی چەندین دیمەنی تەعبیریی گوزارشـتیان لە ڕووداوەکان دەکرد، بە ریتمی جۆراوجۆر لە چوارچێوەی دابەشکردنی تابلۆ شانۆییەکان بەشێوەیەکی میزانسێن و تەکوینی جەستەیی، دەرهێنەر هەوڵی دابوو کەش و هەوایەکی سایکۆلۆژی و ئیستاتیکی ببەخشێت بە دیمەنەکان لەڕێگەی تەوزیف کردنی ڕەگەزەکانی تەکنیکی شانۆیی وەکو ڕوناکی و ڕەنگ و موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان و پارچەکانی کوتلەی دیکۆر و ئێکسـسـوار، جلوبەرگی ئەکتەرەکان لەنێوان ڕەنگی (ڕەش) و (مۆر) و (سـور) دابەشـکرابوو، وەکو هێمایەک بۆ نەهامەتی، نمایشـکردنی دیمەنە تراژیدییەکان هەسـت و سـۆزێکی عاتیفی ڕەخسـاندبوو، بەشـێوەیەک لەکاتی گریانی ئەکتەرەکانی سـەرشـانۆ (ئافرەتەکان) بەشـێک لە بینەری ناو هۆڵەکە هاوشـێوەی ئەکتەرەکان فرمێسکیان دەباراند، ئەمەش لە ئەنجامی کاریگەری ڕووداوە جەرگبڕەکان و دیمەنە مەرگەساتبارەکان بوو. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم نمایشـە دیمەنەکان گەرم و خێرابوون، جولەی جەسـتەی ئەکتەرەکان و مامەڵەکردنیان لەگەڵ ڕەگەزەکانی سـینۆگرافیا، بونیادی درامی دیمەنەکان لەڕێگەی گرێکان بە ئاراستەی لوتکەی ململانێکان دەبرد، هەروەها بەستنەوەی دیمەنەکان لەگەڵ ڕووداوەکانی دەرەوەی تەختەی شانۆ هاوسۆزی لەسەر هەست و سۆزی بینەر دروستکردبوو.

## تەوزیف کردنی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان:

دەرهێنەر لە نمایشـی شـانۆیی (سـێبەری چیا)دا گرنگییەکی تەواوی بە تەوزیف کردنی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان دابوو، هەر لە سـەرەتاوە تاکو کۆتایی، سـەرجەم دیمەنە شـانۆییەکان لەڕێگەی موزیـک و کـارتێکەرە دەنگییەکـانەوە بەڕێوەدەچوو، ئەدا و جولەی تەعبیری ئەکتەرەکـان و وێنە دراميیەکان ریتمی جۆراوجۆریان لەخۆ گرتبوو، هەر بۆ ئەوەی کەش و هەوایەکی سـایکۆلۆژی درامی و ئیستـاتیکی پێکبهێنرێ، دەرهێنەر لە لێزان و شارەزاییەوە پەنای بۆ موزیکی عاتیفی و شۆڕشگێڕی بردبوو، ئەو موزیکەی کە لە توانایدا هەیە کاریگەری لەسـەر هەسـت و سـۆزی بینەر دروسـتبکات،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

موزیکی دیمەنەکان پێکهاتبوو لە ئاواز و میلۆدی جۆراوجۆری ڕۆژهەڵاتی بەشـــێوازی خێرا و خاو، بۆ ئەم مەبەســـتە ئەکتەرەکان لەگەڵ ریتم و ئاوازی موزیک و جولانەوەی تەعبیریان ئەنجامدەدا, کە گوزارشـــتیان لە وێنە درامییەکان دەکرد، دیمەن لەدوای دیمەن لەڕێگەی تەوزیف کردنی موزیکەوە ڕووداوەکان کاریگەریان زیاتر دەبوو.

ئەکتەرەکان لەڕێگەی دەنگی موزیکی ســـۆزدارییەوە بەتەواوی تەقەموســـیان لەگەڵ دەورەکانیان کردبوو، بەهەمان هاوکێشـــەش بینەرانی ناو هۆڵ هەســـت و ســـۆزیان بەتەواوی تێکەڵی تابلۆ هونەرییەکان دەبوو، لەگەڵ گریانی ئەکتەرەکان دەنگی گریان لەناو بینەران بەرزدەبۆوە، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی، کە ڕەگەزی موزیک یان دەنگە سۆزدارەکان دەتوانن کەش و هەوایەکی سۆزداری گەرم و بەتین بە دیمەنەکان ببەخشن، بەهەمان هاوکێشەش دەنگی کارتێکەرە دەنگییەکان وەکو (تەقە) (تەقینەوە) (گریان) (هاوارکردن) پاڵپشـــتییەکی تەواو لە خوڵقاندنی کەش و هەوایەکی سایکۆلۆژی و درامی بۆ دیمەنە شانۆییەکان دروستدەکات.

ئەکتەرەکان بە پاڵپشـــتی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان، ڕووداوەکانیان بۆ بینەران شـــیدەکردوە، جولانەوەی تەعبیریان ئەنجامدەدا، کە پێکهاتبوو لە چەندین تابلۆی وێنەیی جولاو، هەر بۆیە ڕەگەزی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان پاڵپشـــتیەکی تەواوی بۆ گەرم و گوڕکردنی دیمەنە شـــانۆییەکان و بەرزکردنەوەیان بە ئاراســـتەی لوتکەی ململانێ درامییەکان دروســـتکردبوو. هەر بۆیە بەشـــێوەیەکی گشتی ئەم نمایشە شانۆییە موزیک ئامێزبوو، چونکە تەوزیف کردنی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان ڕۆڵێکی کاریگەری لە بەڕێوەبردنی ســـەرجەم دیمەنەکان لەســـەر بنەمایەکی فیکریی و هونەریی و ئیستاتیکی دەبینی.

لەکۆتایی شـــیکردنەوەی هەردوو نموونەکە، توێژەر بەپێویســـتی دەزانێت وەڵامی ئەم دوو پرســـیارە بداتەوە، کە لە گرفتی توێژینەوەکەدا هاتووە. ئەوەی شـــایەنی باســـە موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە پێکهاتەی ســـینۆگرافیای نمایشـــی شـــانۆیی، چونکە موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان بەشـــدارییەکی کاریگەر دەکەن لە چوونە ناو ڕۆڵی ئەکتەر و دیاریکردنی کات و شـــوێن و بونیادی درامی ڕووداوەکان بە ئاڕاســـتەی لوتکە. هەروەها موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان دەتوانێت سەرنجی بینەر بۆ ناو دیمەنە شانۆییەکان ڕابکێشێت، هەر لە سەرەتای نمایش تاکو کۆتایی. سەبارەت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە وەڵامدانەوەی پرسیاری دووەمی گرفتی توێژینەوە، پێویستە لە بەشی شانۆی پەیمانگە و کۆلێژی هونەرە جوانەکان، لقێکی تایبەت بە تەکنیکی هونەری بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت کادیری پسپۆر و شارەزا دروست بکرێت، چونکە لە شانۆ و درامادا موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان وەکو توخمێکی سەرەکی، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە خوڵقاندنی کەش و هەوای درامی و دەستنیشانکردنی ریتمی دیمەنەکان هەر لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی نمایش. هەروەها پێویستە کادیرانی بواری جێبەجێکردنی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە شانۆ و درامادا زۆر گوێ لە شاکارە جیهانییەکان بگرن، تاکو سوودیان لێ وەربگرن لە کاری شانۆ و دراما.

## 4.ئەنجام و پێشنیازەکان:

### 1-4. ئەنجامەکان:

توێژەر لەمیانی توێژینەوەکەیدا گەیشتۆتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1- موزیک ڕەگەزێکی سەرەکییە لە پێکهێنانی نمایشی شانۆییدا ، بۆیە پێویستە دەرهێنەر و جێبەجێکاری موزیک شارەزاییان لە هەردوو زانستی دراماو موزیکدا هەبێت.

2- موزیک بەشدارییەکی گاریگەر لە خولقاندنی کەش و هەوای سایکۆلۆژی و ململانێی درامی و دەستنیشانکردنی کات و شوێن و دەلالاتی ڕەمزی و جوانکاری دیمەنە شانۆییەکاندا دەکات.

3- موزیک بەشداریەکی کاریگەر لە دیاریکردنی ریتم و گۆرینی ریتمی دیمەنە شانۆییەکان و پڕکردنەوەی بۆشایی لە پانتایی فەزای شانۆدا و دەرخستنی بینراوە وێنەییەکان و دەنگیەکان و هەستیەکان لە نمایشی شانۆییدا دەکات.

4- کارتێکەرە دەنگییەکان ڕۆڵی گرنگ لە خولقاندنی وێنەی ڕوداوەکان و دیاریکردنی کات و شوێنی باری سایکۆلۆژی ئەکتەرەکان دەبینن.

5- موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان ڕۆڵی کاریگەر لە پڕکردنەوەی پانتایی بۆشدا دەبینن.

6- موزیک و گۆرانی چێژێکی هونەریی بە دیمەنی سەماو هەڵپەڕکێ و جوڵەی تەعبیری لەنمایشدا دەبەخشن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

7- لە نمایشی شانۆیی (مارا – ساد)دا، موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان ڕۆڵێکی کاریگەر لە گەرم و گوڕ کردنی ڕووداو و دیمەنە شانۆییەکاندا دەبینێت.

8- لە نمایشـــی شـــانۆیی (ســـێبەری چیا)دا، موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە ڕاکێشانی هەست و سۆزی بینەر بۆ ناو نمایش.

9- لە نمایشـــی شـــانۆیی (مارا – ســـاد)دا، موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان بەشـــێوازێکی نیمچە ئۆپرالی ئەنجامدرابوو، ســـەرجەم ئەکتەرەکان وەکو دەنگی کۆرس بەشـــدارییان دەکرد لە گۆرانی و موزیک و لاواندنەوە.

10- لە نمایشی شانۆیی (سێبەری چیا)دا، موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان هەر لە سەرەتای نمایش تاکو کۆتایی ڕۆڵی کاریگەریان دەبینی بۆ بەرزکردنەوەی بونیادی درامی دیمەن و ڕووداوەکان بە ئاراستەی لوتکە.

## 2-4. پێشنیازەکان:

توێژەر لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا پێشـــنیاز دەکات، بابەتی (موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان) لە یەکێک لە قۆناغەکانی خوێندنی بەشی شانۆی پەیمانگە و کۆلێژی هونەرە جوانەکان بەشێوەی تیۆری و پراکتیکی بخوێندرێت، پێویستە ستۆدیۆیەک و ئەرشیفێکی تایبەتی بۆ ئامادە بکرێت تاکو قوتابیان گوێ لە شـــاکارە موزیکە جیهانییەکان بگرن بۆ ئەوەی لەکاتی جێبەجێکردنی لە نمایشـــی شـــانۆییدا لەســـەر بنەمایەکی زانســـتی و هونەری ئەم موزیک و کارتێکەرە دەنگیانە تەوزیف بکەن بۆ دیمەنە شـانۆییەکان، کە بتوانێت ئاسـتی نمایشـەکە بەرزبکاتەوە، وە بەشـێوەیەکی گونجاو پاڵپشـتی دیمەنە شانۆییەکان بکات.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان:

1- ئازید، جەلیل، تیۆری موزیک: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2016.
2- هەورامی، حەمە کەریم، درامای کوردی لەناو درامای جیهاندا، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، 2001.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

3- إلياس، ماري وحنان قساب، المعجم المسرحي، مكتبة لبنان، ناشرون، بيروت، 1997.
4- الإمام، علاءالدين، بنية الشكل الجمالي، دار مجدلاوى للنشر، عمان، 2014.
5- برولية، جيزيل، جماليات الابداع الموسيقىّ، تر فؤاد كامل، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، بدون سنة.
6- بنتلى، اريک، نظرية المسرح الحديث، تر. يوسف عبدالمسيح ثروت، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، 1975.
7- جودي، جبار، جماليات السينوغرافيا في العرض المسرحي، دار الزاوية للتصميم والطباعة، بغداد، 2011.
8- حمداوي، د.جميل، الاخراج المسرحى، الهيئه العربية، للمسرح، الشارقة، 2011.
9- عبدالله، د.علي، الموسيقى التعبيرية، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، 1997.
10- عبدالله، د.علي، لغة الابداع بين القائد الموسيقي والمخرج المسرحى، دار أمنه للنشر والتوزيع، عمان، 2012.
11- عبدالله، د.علي، موسيقى المسرح، دار أمنه للنشر والتوزيع، عمان، 2011.

# دور الموسيقى والمؤثرات الصوتية في العرض المسرحي

## الملخص

يتناول البحث الموسوم (دور الموسيقى والمؤثرات الصوتية في العرض المسرحي) دراسة تحليلية وصفية يعطي الضوء على كيفية توظيف الموسيقى والمؤثرات الصوتية في العرض المسرحي على الأسس الفكري والفني والجمالي. ويقع البحث في أربعة فصول، تناول الفصل الأول (الإطار المنهجي) عدة نقاط مثل: مشكلة البحث، أهمية البحث، هدف البحث وحدوده. أما الفصل الثاني (الإطار النظري) فقد تناول الموضوع من محاور مثل: دور الكورس في العرض المسرحي، تأثيرات الريتم في المشاهد المسرحية، توظيف الموسيقى في المسرح الجديد. أما الفصل الثالث فتناول تحليل نماذج مسرحية من مسرحيات (مارا – ساد) و (ضل الجبل). وتوصل البحث في الفصل الرابع جملة نتائج ومن أهمها:

1. الموسيقى أحد العناصر الرئيسية في تكوين العرض المسرحي ولذلك يجب على المخرج والمنفذ الموسيقى لهم خبرة في علم الدراما والموسيقى.
2. الموسيقى والمؤثرات الصوتية يعطي دوراً هاماً في إبراز البعد الإجتماعي والإقتصادي والطبيعى والنفسي في العرض المسرحي.

وكذلك ينتهي البحث بعدة المقترحات وقائمة المصادر.

**الكلمات الدالة:** الموسيقى، المؤثرات الصوتية، الإيقاع، العرض المسرحي، الإحساس والعطف، السينوغرافيا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The Role of Music and Sound Effects in the Theatrical Show

**Dr. Zhilwan Taher Bapir**
Department of Theatre and Cinema, College of Fine Art, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
zhilwan.tahir.66@gmail.com

## Abstract

The research entitled (The Role of Music and Sound Effects in Theatrical show) deals with an analytical and descriptive study that shades light on how music and sound effects are used in theatrical show based on the intellectual, artistic and aesthetic aspects. The research falls into four chapters. The first chapter (the methodological framework) deals with several points such as: the research problem, the importance of the research, aims of the research and its limits. As for the second chapter (theoretical framework), it dealt with the subject from subjects such as: the role of the choir in theatrical show, the effects of rhythm in theatrical scenes, and the use of music in the new theater. The third chapter deals with the analysis of theatrical models from the plays (Mara-Sad) and (The shadow of mountain). In the fourth chapter, the research reached a number of results, the most important of which are:

1. Music is one of the main elements in the formation of a theatrical show and therefore the director and music executor should have experience in the science of drama and music.
2. Music and sound effects give an important role in highlighting the social, economic, natural and psychological dimension of theatrical show.

The research also ends with several recommendations and a list of sources.

**Key words**: music, sound effects, rhythm, theatrical show, emotion, scenography.